# ئەگەر پیاوێک ژنەکەی پێش چوونە لای تەڵاق دا ئەو ژنە لەسەر تەواوی منداڵی ئەو پیاوە حەرام دەبێت

[ کردي – کوردی – kurdish ]

موفتی : شێخ عەبدولعەزیز بن باز - ڕەحمەتی خوای لێ بێت -

سەرچاوە: سایتی ئیسلام پرسیار ووەڵام

www.islamqa.com

وەرگێڕان : دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١٠ - ١٤٣١

islamhouse.com

# ﴿ إذا طلق الرجل امرأته قبل الدخول حرمت على جميع ذريته ﴾

« باللغة الكوردية »

إفتاء : الشيخ عبد العزيز بن باز ـ يرحمه الله تعالى ـ

المصدر: موقع الإسلام سؤال وجواب

www.islamqa.com

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ئەگەر پیاوێک ژنەکەی پێش چوونە لای تەڵاق دا ئەو ژنە لەسەر تەواوی مناڵی ئەو پیاوە حەرام دەبێت

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شیخ عبد العزیز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) کرا :

**پرسیار :** پیاوێك گرێبەستی مارەبڕینی لەگەڵ ژنێکدا بەست، بەڵام پێش چوونەلای تەڵاقی دا، ئایا دروستە یەکێك لەکورەکانی ئەو پیاوە ئەو ژنە بخوازێت ؟

**وەڵام :** شێخ ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: سوپاس وستایش بۆخوای گەورە .

نەخێر دروستە نیە، چونکە ئەگەر پیاوێك ژنەکەی تەڵاق دا، ئەوە لەسەر تەواوی نەوەکانی حەرام دەبێت ئەو ژنە بخوازنەوە، لەسەر کورەکانی لەسەر کوڕی کورەکانیشی هەتاوەکو زیاتریش بڕوات، وە دیسان لەسەر کوری کچەکانیشی هەتاوەکو بیشڕوات بەرەو سەرەوە، چونکە ئەو ژنە ژنی باوکیانە ئەگەر چی نەیشچوبێتەلای، لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئەم مەسئەلەیەی نەبەستوەتەوە بەچوونەلای ژنەکەوە، هەروەکو لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ( وَلا تَنكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُمْ مِنْ النِّسَاءِ ) { النساء/٢٢} واتە : ئەو ژنانە مەخوازن کە باوکتان مارەیان کردوون بۆ خۆیان، واتە: ژنی باوکت (باوەژن) یاساغە لێت، لەبەر حورمەت و ڕێزی باوکایەتی. لەم ئایەتەدا روون نەکراوەتەوە، ئاخۆ مەبەست بەنیکاح تەنها (عەقد)ـە، یان (عەقد) و (وطء= چوونەلا)یشە؟ بەڵام لەسوورەتێکی تردا ئەمە

ڕوونكراوەتەوە وەك دەفەرموێت : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ ) كە مەبەست پێی تەنها (عەقد)ـە، واتە: هەر بەمارەكردنی بۆ باوك لەكوڕ حەرام دەبێ، ئیجماعی زانایان لەسەر ئەوەیە كە بۆكوڕەكەیش هەروایە .

جا لەبەر ئەوە بەشێوەیەكی ڕەها ( مطلق ) لەسەر تەواوی كوڕی ژنەكانی تریشی ئەم ژنە ( واتە ئەم باوەژنەیان ) حەرام دەبێت، وە كاتێكیش كە دەڵێین : باوك مەبستمان باوكی نزیك وەك باوكی خۆت یان باوكی باوكت یان باوكی دایكیشت ئەگەر ژنێكیان تەنها مارەیش كرد ئەوە بۆ ئەو كەسە وكوڕ وكورەزاكانی یان برا وبرازاكانی یان كوڕی خوشكەكانیشی هەر حەرام دەبن. ئەویش لەبەر ئەو ئایەتە پیرۆزەی كە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا: ( وَلا تَنكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُمْ مِنْ النِّسَاءِ ) { النساء/٢٢ } .

وە ئەم حوكمەیش وەك ووتمان ئەو ژنانە دەگرێتەوە كە ئەو باوكانە چووبنە لایان یان تەنها مارەیان كردبن و نەچونەتەلایان .

بەشێوەیەكی پێچەوانەش : بووك و ژنی كوڕ و كورەزاكانیش بەشێوەیەكی ڕەها ( مطلق ) لەسەر باوك و باپیر و باپیری باوك هەتاوەكو پروات حەرام دەبن هەرچەندە ئەو ژنانەیش ئەو كوڕانە نەچوبنەلایان، بۆ نموونە ئەگەر كەسێك ژنێكی مارەكرد، بەڵام پێش چوونە لای ژنەكە وگواستنەوەی ئەو كەسە مرد، یان پێش چوونەلای تەڵاقی دا، ئەوە ئەو كاتە ئەو ژنە لەسەر باوك و باپیر و ئەزدادی ئەو پیاوە هەر هەمووی حەرام دەبێت، ئەم حوكمەیش ئەو ژنانە دەگرێتەوە كە چووبنە لایان یاخود نەیشچوبنەلایان، ڕاستی ئەم مەسئەلەیش ئیجماع و كۆدەنگی زانایانی لەسەرە .

چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ( وَحَلائِلُ أَبْنَائِكُمْ الَّذِينَ مِنْ أَصْلابِكُمْ) {النساء/٢٣} واتە : هەروەها قەدەغەیە حەڵاڵی ئەوکوڕانەیشتان مارەبکەن، کە بەراستی لەپشتی خۆتان بن، واتە: بووك، دیارە ئەمە ژنی کوڕەزاو کچەزایش ئەگرێتەوە .

بۆیە دەبینین خوای گەورە نەیفەرمووە تەنها ئەو ژنانەی کە چوبنەلایان، بەڵکو هەردوولایان دەگرێتەوە چ تەنها مارەیان کردبن یان مارەشیان کردبن و چوبنەلاشیان .

خوای گەورە لەهەموو کەس زانا و شارەزاترە .

سەرچاوە : فتاوى نور على الدرب" (٣ /١٥٤٦ ).